

## ئەنفال ئێستاش بەردەوامە ...

نیگار عینایەتی

من بە مردووی لە دایکبووم و
شیری خەمی دایکمم دەخواردەوە
بە ناز و لاواندنەوەی دەستە قەڵەشیوەکانی دایکم
بە دارە دارەی هەوراز و نشێو و بێڕەحمییەکان گەورەبووم و
تاڵی دنیام ناسی
لەنێو حیکایەتەکانی شەوانی باوکمدا
بۆنی خوێن و شەرو کوشتارگاکاننم بەسەر دادەهات
لەگەڵ لاشە رەقهەڵاتووەکان یاریم دەکرد
ئیدی سەرم دەنایە سەر باسکی ژیان
خەونم دەدی!
لە خەونمدا
تارمایی باڵی بە ئاسماندا دەکێشا و
ژەهر دەباری،
ئەستێرەکان دەبوونە تەیارە و
ژەهریان دەچاند،
ئاگریان دەباراند!
رادەچڵەکیم و هەتا بەری بەیان
بە ئاوازی سارد و سڕی بەفرانبار
رادەژام و
بە تەمومژ خۆم دادەپۆشی.

لە جەوانیمدا بە خەونی هەڵاتووی رێبوارانی رێگای دوور
بەیانی باشم دەگوت و
لەگەڵ هەڵاتنی خۆر دەبوومە رێبواری رێگەی درێژی تەمەن
هەر لەم رێگایەشدا دەست لەملانی مانگەشەوی تەزیوو بووم و
لەسەر پێڵووی بەهاری وشکهەڵاتووی خەونەکانمدا داوەریم
ئەمێستاش
چاوەڕێی گزینگی خۆرەتاوم
کە سەر لەنوێ رۆح بەبەری لەشی وشکهەڵاتووی داری ژینم بکاتەوە
دیسان باڵندەکان بەئازادی لەنێو دڵی ئاسمان
بفڕن و
مژدەی ئاسۆی روونم بەخەڵات بهێننەوە

13.04.12